# یەکسانیی جێندەری و بونیاتنانەوەی شوناسی ئافرەت

مرۆڤ دوو جۆری بوونی هەیە، بوونێکی بایەلۆجی و بوونێکی کۆمەڵایەتی، هەروەها مرۆڤ دوو رەگەزی هەیە، رەگەزی (مێ و نێر). پرەنسیپی هاووڵاتیبوون ئەوەیە کە هەموو مرۆڤەکان سەرەڕای جیاوازییەکانیان لە بەردەم یاسا و لە ئەرك و ماف دەبێ یەکسان بن. ئافرەت و پیاو دوو رەگەزی سەرەکیی بەردەوامیی ژیانن و شوناسی مرۆڤبوون کۆیان دەکاتەوە، بەڵام هەر یەکەیان وەك رەگەز، خاوەن پێناسە و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی.

شوناس پرۆسەیەکی مێژووکردی فرەڕەهەندە و چەندین فاکتەر رۆڵیان لە دروستبوونی شوناس هەیە. ئافرەت بەهۆی رەگەز و تایبەتمەندییە بایەلۆژییەکانی، ستەمی لێ کراوە و رۆڵی لە چوارچێوە دراوە. فاکتەرەکانی مێژوو، بە (ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری)یەوە رۆڵیان لە داتاشینی شوناسێکی خوارتر لە پیاو بۆ ئافرەت هەیە. مێژوونووسان لەو بڕوایەدا بوون «ئافرەت هەمیشە ستەملێکراو، یان رەگەزی پلە دوو نەبووە و لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا ئافرەت و پیاو بەرابەر بوون.

هاتنەخوارەوەی پلەی کۆمەڵایەتیی ئافرەت هاوکات بووە لەگەڵ شکستی کۆمەڵگەی دایکسالار. هۆکاری سەرەکیی ئاڵوگۆڕ لە پێگەی ئافرەت و هاوتایی نێوان هەردوو رەگەز؛ گواستنەوەی ئابووری، خواردن و راوکردن بووە بۆ باشتر و بەستنەوەی ئافرەت بە ماڵ و وابەستەبوون بە چێشتخانە. واتە سەرەتای سەرهەڵدانی جیاکاری لە رۆڵ و پێگەی نێر و مێ، بۆ سەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە، دواتر خاوەندارێتی تایبەت و دەستگرتنی پیاو بەسەر ئابووریدا و وابەستەبوونی ژن بە هاوسەری، زیاتر پلەی

**ئافرەت و پیاو دوو رەگەزی سەرەکیی بەردەوامیی ژیانن و شوناسی مرۆڤبوون کۆیان دەکاتەوە**

**ئافرەت بەهۆی رەگەز و تایبەتمەندییە بایەلۆژییەکانی، ستەمی لێ کراوە و رۆڵی لە چوارچێوە دراوە.**

کۆمەڵایەتیی ئافرەتی هێنایە خوارەوە، هەروەها چوون بۆ شەڕ و هێزی جەستە، کەلێنی جێندەریی نێوان ئافرەت و پیاوی زیاتر کرد. لەسەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە ئەفسانەی سرووشتیبوونی لە پێشتری پێگەی پیاو بەرجەستە کرا، لە بەرمبەردا ئەفسانەی ژێردەستەبوونی ئافرەت بە هۆکاری لاوازی و پاسیڤی لە ئاست پیاو رەوایەتی وەرگرت و ئافرەتی کرد بە رەگەزی دووەم و شوناس و ناسنامەی تایبەتی بەسەردا سەپاند. ئەم دۆخە بەردەوام بوو، تا سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمینیزم وەك بەشێك لە گوتاری رۆشنگەری کە داوای ئازادی دەکرد بە سەر دەسەڵات و هەژموونی پیاوسالاری و رەتکردنەوەی ئەوەی کە جیاوازییە سرووشتییەکانی نێوان نێر و مێ، ناکرێت ببێتە مەبنای ناهاوسەنگیی جێندەری.

جێندەر لە سالانی هەفتاکان لەگەڵ شەپۆلی دووەمی فێمینیزم وەك چەمکێك بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە پەیوەندییەکانی نێر و مێ هاتەکایەوە. جێندەر چەمکێکە سەرجەمی ئەو لێکۆڵینەوەو توێژینەوانە لەخۆدەگرێت کە لە کاروباری ئافرەت دەکۆڵێتەوە. جێندەر هەردوو چەمکی (رەگەز-sex) و (جۆر-gendar) لە یەك جیا دەکاتەوە. رەگەز (مێ، یان نێر)، مەسەلەیەکی بایەلۆژییە و پێناسەی بایەلۆژیی کەسەکانە، بەپێی پێکهاتەی هۆرمۆنی و جینات و کۆئەندامی زاوزێی ناوەکی و دەرەکی، کە سرووشتی و نەگۆڕە. جێندەر یان جۆر، (مێیایەتی یان نێرایەتی) وێناکردن و تێڕوانینی کۆمەڵایەتییە بۆ هەریەکە لە ئافرەت و پیاو، پێناسەکردنی کەسەکانە بە پێی رۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییان، رۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتیش دروست کراوە و دەگۆڕێت. زانستی جێندەر تیشك دەخاتە سەر جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان، لە هەمان کات تیشك دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن



**د. ڤیان سلێمان**

سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

جیاوازییە فیزیکییەکان دەبنە سەرچاوە و لەسەر بنەمای ئەوان جیاوازی و جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکرێن. بۆیە دەکرێت بڵێین: چەمکی جێندەر بەم مانەیە هاتۆتە ئاراوە؛ کە ئەو پێگە نایەکسانەی ئافرەتان هەیانە، دەرەنجامی ئەو یاساو رێسایانەیە کە کۆمەڵگە دیاری دەکات بۆ هەر یەکە لە ئافرەت و پیاو. جیاوازییە جەستەییەکان نابێت، ببنە هۆکارێك بۆ لەپێشدانانی رەگەزێك لە ئاست رەگەزەکەی دیکەدا.

یەکسانیی جێندەری بە مانای یەکسانی لە دەستەبەرکردنی دەرفەت و ماف و لێپرسراویەتی بۆ ئافرەت و پیاو دێت، بەشداری لە کایەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری و دەستگەیشتن بە پێداویستییەکان بە شێوەیەکی یەکسان و بەبێ جیاکاری لەسەر بنەمای رەگەز. پەرەپێدان بەو تێڕوانینەی کە هەموو مرۆڤەکان (بە پیاو و ئافرەتەوە) ئازادن لە پێشخستنی توانا کەسییەکانی خۆیان و مافی هەڵبژاردنیان هەیە، بەدەر لە چوارچێوە و رۆڵی جێندەری. یەکسانیی جێندەری لەسەر یەکسانی لە ژمارەدا ناوەستێت و گرنگی بە یەکسانی دەدات لە رۆڵدا، بۆ نموونە: ئەگەر لە دامەزراوەیەکدا رێژەی بوونی نێر و مێ ٥٠٪ بێت بۆ هەریەکەیان، واتە یەکسانن لە رووی چەندێتییەوە، بەڵام یەکسانبوونی ژمارەی نێر و مێ، هێشتا ناتوانێت بە واتای یەکسانیی جێندەری بێت، چونکە جێندەر یەکسانی دەوێ لە رۆڵدا لە بوارە هەمە جۆرەکانی نێو کۆمەڵگە، واتە با رێژەکە بۆ هەر یەکەیان ٥٠٪ بێت، بەڵام ئەگەر ٥٠٪ یەکێك لە رەگەزەکان هەموو، یان زۆرینەی پلە سەرەکییەکان و دەسەڵاتی بڕیاردانی لە دەست بێت و رەگەزەکەی دیکە رۆڵە لاوەکییەکانی لە دەست بێت، ئەمە مانای یەکسانیی جێندەری ناگەیەنێت و پێویستە هەوڵەکان بە ئاراستەی یەکسانی تەواو بن، ئەمەش بە واتای وەکیەکیی نێوان هەردوو رەگەز نییە، چونکە ئافرەت و پیاو وەکیەك توخمی مرۆڤن، بەڵام جۆریان جیاوازە و ئەم جیاوازییەش لە رۆژی هاتنەدنیاوە دەردەکەوێت، بەڵام وەك گوتمان یەکسانی، بە واتای یەکسانیی دەرفەت و لێپرسراوەتی و ماف و دەسکەوتە.

**فاکتەرەکانی مێژوو، بە (ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری)یەوە رۆڵیان لە داتاشینی شوناسێکی خوارتر لە پیاو بۆ ئافرەت هەیە**

لەم سەردەمەدا و بە تایبەت لەم قۆناغەی کوردستاندا، ئێمەی ئافرەتانی کوردستان چ لە پێشوتردا لە پرۆسەکانی تاوان و جینۆساید کە بەرمبەر گەلەکەمان کراوە و ئافرەت پشکی سەرەکیی قوربانیدان و ئیرادەبەرزی بەرکەوتووە وەك: لە نموونەی ئەنفالی بارزانییەکان و رۆڵی دایکانی بارزانییەکان لە پەروەردەکردنی رۆڵەکانیان و بەڕێوەبردنی بژێویی خێزان. لە نموونەی لەیلا قاسم، یان لە سەردەمی ئەمڕۆ و رۆڵی ئافرەتانی پێشمەرگە، هاوکات بەشداریی کارای ئافرەتان لە بوارە جیاوازەکان و شوێنی بڕیار، توانیومانە ئەو شوناسەی وەك لاواز و پاسیڤ و کەم ئاوەز درابووە پاڵمان، بیگۆڕین و ئاوەژووی بکەینەوە، لە هەمان کات ئەوەش لە پێش چاو و لە هزرمانە کە رێگەیەکی درێژ و پڕ ئاستەنگ لە پێشمانە و دەبێت خەبات و تێکۆشانمان بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئەرێنییانە هەبێت.

**سەرەتای سەرهەڵدانی جیاکاری لە رۆڵ و پێگەی نێر و مێ، بۆ سەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵی دەگەڕێتەوە**

چیرۆکی ئافرەتانی کوردستان تەنیا توندوتیژی و قوربانیبوونی کێشە خێزانییەکان نییە، ئەگەرچی دیوێکی توندوتیژیی خێزانی، هۆشیاریی ئافرەت و بەدەنگهاتنیەتی لە ئاست توندوتیژییەکان، چەکەرەکردنی رۆحی بەرەنگاری و ئاڵنگارییە بۆ نۆرمە داسەپاوەکان، کە ئەمەش خاڵی دەستپێکی ئازادی و یەکسانییە، لە هەمانکات چیرۆکی ئافرەتانی کوردستان رۆڵ و بەشداریشە لە پرۆسەی بونیاتنانی کوردستان.

# ئەمە فەرمانە

لەپڕ خۆم لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلێکی تەکسیدا دۆزییەوە، ڕەنگەکەی زەردێکی تۆخ بوو، جیاواز بوو لەوانەی لە وڵاتی خۆمدا لە سەر شەقامەکانن. شۆفێرەکەی مۆن و تووڕە بوو، جیڕەیەکی کرد و لە چوارڕێیانێك ڕاوەستا. سەرم سوڕما. لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزیم و خۆم لە شارێکی تەواو جیاواز دۆزییەوە، جیهانێکی جیاواز بوو، بەرزیی باڵاخانەکانی، جەنجاڵی شەقامەکانی، کەشوهەوا...

دەمپرسی، دەبێ چۆن گەیشتبمە ئەو جێیە و چی منی هێناوەتە ئێرە؟ لەبەر خۆمەوە وتم: چی ڕوودەدات؟ بۆ من لێرەم؟»

بەپێ دەستم کرد بە ڕۆیشتن، دەوروبەرم باڵاخانەی بەرزی سەرکەش و ئاسمانبڕ بوون، لوتکەکانیان هێندە بەرز بوون، بۆ یەکتر هاتبوونەوە، دەتوت وتووێژێکیان هەیە بە چرپە بە یەکی دەڵێن. تەنیا لە نێوان لوتکەکانەوە ئاسمانی شین دیار بوو. هەندێك لە جێی خۆم ڕاوەستام و کەوتمە خەیاڵکردنەوە، ئایا دەبێ لە بەهەشت بم، یان لە دۆزەخ؟»

لەپڕ دێڕێکی (مۆسان کۆلی)م بە بیر هاتەوە کە دەڵێ: «باڵاخانە ئاسمانبڕەکان تەنیا بریتین لە خۆهەڵکێشان بە شووشە و ستیلەوە.» یەکسەر زانیم لەسەر نەخشەی ئەم جیهانە من لە کوێم .

دەنگێکی زڕی گەورە خەیاڵی پچڕاندم؛ ڕاستی زۆریش ترسام، دەنگەکە لە سەرەوە لە ئاسمانەوە دەهات، چاوەکانمی بەرەو ئاسمان ڕاکێشا. دەنگی ئەو باڵندە زەبەلاحە، ئەفسووناوییە بوو کە چەند جارێك لە خەونمدا بینیومە.

«ئەمە فەرمانە»

پێی وتم: ڕێ بەردەن»، بە سەر خەڵکەکەدا هاواری کرد کە لە دەوروبەری من بوون و هەموو لە دەنگ و هاواری تۆقین. خەڵکەکە وەك ئەوەی لە زرمەی تەقینەوەیەك هەڵبێن، بەڵام کە منیان بینی، ڕێگایەکی پانیان بۆ کردمەوە، ئیتر منیش پەڕیمەوە. بەردەوام بووم لە ڕۆیشتن تا گەیشتمە یەکەم باڵاخانەی ڕەنگ شین. دەبوا بگەمە ئەو باڵاخانەیە. فەرمان بوو.

لە ترسا، حەزم دەکرد زەوی ببێ بە دوو لەتەوە و من قووت بدات.

بەسەر باڵدارەکەدا هاوارم کرد: «من کەی نیگارکێش بووم، تەنیا وێنەیەك کێشابێتم هێڵکاریی مراوییە کە یەکەم مامۆستای قوتابخانە فێری کردم لەسەر نموونە کێشام! یەکێکی دیش دوای چەندان ساڵ برازایەکەم فێری کردم کە وێنەی دوو باڵندە بکێشم لە سەر دارتەلێکی کارەبا. چۆن دەتوانم خۆم وا دەرخەم کە باشترین نیگارکێشی دنیام.

««ئەمە فەرمانە» دەنگە ئەفسوناوییەکە دووبارەی کردەوە.

« چۆن دەتوانم وای دەربخەم من نەوەی داڤنشیم؟ هاوارم کرد: شتی وا نابێ!

«ئەمە فەرمانە»

« چۆن دەتوانم ئەم هەموو خەڵکە هەڵبخەڵەتێنم کە بە پێی کار و ناونیشانیان دەبێ زیرەك بن،چۆن دەتوانم کارێك بکەم، بڕوا بە ناسنامەی درۆیینەی من بکەن. ئایا ئەوان درۆیەکەم ئاشکرا دەکەن؟»

وا ناکەن، فەرمانیان پێ کراوە، ئەمە بووە هۆی زیاتر سەرسوڕمانی من کاتێك باڵدارەکە بە دەنگە گڕەکەی دڵنیای کردمەوە. ئەوە وای لێکردم کە هەست بە مەترسیداریی هەر هەڵەیەك بکەم. زانیم هەموو شت لەژێر فەرماندایە.

زانیم چارەیەکی دیکەم نییە جگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکە. ئیتر دەبوو بچمە ناو ئەسانسۆرەکەوە و بچمە قاتی ٣٦، لەوێ دەبوو



## چیمەن ساڵح

بۆ گوڵان دەینووسێت

کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی ساز بکەم، بۆ زیاتر لە سەت کەسایەتیی ناوداری میدیا و ئەستێرەی ناسراوی ڕۆژنامەوانی.

وەك نیگارکێشێکی ناودار و بەهرە دەگمەن دەبوا قسەیان بۆ بکەم، وەك نەوەی دووری لیوناردۆ داڤنشی دەبوا قسەیان بۆ بکەم. کە بە هۆی ئەو ڕەسەنەمەوە بەهرەیەکی زۆر گەورە و دانسقەم بۆ ماوەتەوە، بە جۆرێك بەهۆیەوە هەر بە هۆی هێڵکاری و وێنەوە دەتوانم گرفتەکانی دیاردەکانی سرووشت بۆ ناسا دەستنیشان و چارەسەر بکەم.

گوایە، باپیرانم لە زووەوە هاتوونەتە ئەو شارە جەنجاڵە. پاشان لە ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستدا باپیرەی نزیکم لە کاتی شەڕدا ڕێی لێ بزر بووە و لە جیهانێکی دیکەدا خۆی دۆزیوەتەوە، ئەو شوێنەی کە ئێستا من لێی دەژیم.

لە ئەسانسۆرەکە چوومە دەرەوە و گەیشتمە ناوەڕاستی هۆڵی کۆنفرانسەکە. ڕۆژنامەنووس و میدیاکارەکان کەوتنە ململانێ لەسەر بەرکەوتنی شەرەفی یەکەم پرسیار، هەندێك لەو دەیان پرسیارانەم لەبیرە کە لێم کران.

«گەورەترین گرفتی وڵاتەکەت چییە؟ ژنێك لێمی پرسی. پێست سپی، قژ زەرد و چاو درەشاوە و ڕێکپۆش، زۆر لێی ترسام، چونکە زانیم کە بیست ساڵ ئەزموونی هەیە و ستوننووسێکی بەناوبانگە لە شەش ڕۆژنامەی بەناوبانگدا دەنووسێ.

«بێ کارەبایی»، وەڵامم دایەوە

«ئا. بەرهەمی تەماتەتان کەمە»، ئەو دووبارەی کردەوە.

کام هونەرمەندی ئێرە لای ئێوە زۆر بە ناوبانگە؟ پێشکەشکارێکی قژی باڵا بەرزی تیڤییەکی بە ناوبانگ و سەرنووسەری سێ گۆڤار پرسیاری کرد.

«ئەنجیلینا جۆلی»، وەڵامم داوە.

«ئۆی، جوانە، سێلینا گۆمەز» ئەو وتی.

«لە کەیەوە بەهرەکەتت بۆ ئاشکرا بووە؟» یەکێك پرسی ڕێك لە ئۆپرا وێنفری دەچوو.

«ئاه، ئەه،» زمانم گیرا.

«ئۆی، هەر لە زۆر منداڵییەوە، ئافەرین، جوانە،» ئەو وتی ڕاستتر من هێشتا قسەم نەکردبوو ئەو دایهێنا.

گفتوگۆیەکە بۆ دوو کاتژمێر بەردەوام بوو. من بموتایە سیر، وایان دەردەخست گوێیان لە پیاز بووە. سەرەڕای ئەوەش ئەگەرچی قسەکانمان هیچی یەکی نەدەگرتەوە، بەڵام وامان دەردەخست کە زۆر کۆکین.

چونکە فەرمان بوو!

بڕوام وابوو ئیتر، کۆتایی ژیانی منیشە، بۆیە بوورامەوە و کەوتمە سەر زەوی.

دوای هەندێك بە ئاگا هاتمەوە و وام هەست کرد لە ناو ئاوی گەرم هەڵکێشراوم.

هاوارم کرد: «فریام کەون دەمخنکێنن بە ئاو، ئەشکەنجەم دەدەن، فەرمانە، فەرمانە ..»

بە ئاگا هاتمەوە، خەریکە دەخنکێم لەناو ئەو حەوزە بچووکە پڕ ئاوەی کە لە ژێرزەمینیی خانوویێکی دوو قات بوو. ڕەنگی حەوزەکە وەك ڕەنگی تەکسییەکەی گەیاندمییە شارە قەرەباڵغە زەردەکە، بێگومان ئەو شارەی کە لەو خەوە کورتەدا بینیم.

بیرم هاتەوە کە بەر لە تاوێك لەبەر گەرما و بێ کارەبایی خۆم فڕێ دا ناو ئەو حەوزەوە و بژابووم.

ئینجا دروست زانیم، بە ڕاستی، لەسەر نەخشەی ئەم جیهانە لە کوێم..

خەونێکی چەند توێژی بوو..!